# Teacher's portfolio and its annual assessment

# هەگبەی مامۆستای زانکۆ و پڕۆسەی هەڵسەنگاندنی ساڵانە

**پێناسە**

هەگبەی مامۆستا بریتیە لە کۆکراوەی ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە توانای زانستی و کاری کارامەیی و چالاکیە کارگێڕی و ئەکادیمیە ئەنجامدراوەکانی مامۆستای زانکۆ لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا دەسەلمێنێ.

**ئامانج**

ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئەو هەگبەیە بریتیە لە:

1- هاندانی مامۆستا بۆ باشتر خزمەتکردنی ڕەوتی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کواڵتیی
2- هەڵسەنگاندنی توانا و چالاکی و هیممەتەکانی مامۆستا بۆ پاراستن و بەرزنرخاندنی ڕۆڵە پیرۆزەکەی
3- هاوکاری کردنی مامۆستا بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاوازەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیەکان.

**ناوەڕۆکی هەگبەی مامۆستا**

پێویستە هەگبەی مامۆستا زانیاری و بەڵگەی پێویست بەو بابەتانەی خوارەوەی تێدا بێت. دەکرێ بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی فاکەڵتی و بە ڕەچاو کردنی تواناکان، فایلی زانیاری و بەڵگەکا بە شێوازی ئەلیکترۆنی وەیان چاپکراو وەیان هەردووکیان پێشکەش بکرێن:

- ژیاننامەی خوودی - سی ڤی- (CV).
- کورتەیەک لەسەر پرۆفایلی مامۆستاکە بە پێی ووشەکانی خۆی ( واتە مامۆستاکە چۆن خۆی پێشکەش ئەکات)
- پاشخانی (باکگراوند)ی زانستیی مامۆستا و کورتەیەك سەبارەت بە بواری پسپۆڕیەکەی.
- ڕوونکردنەوەیەکی کەسیی بۆ فەلسەفە و پرینسیپ و ئامانجەکانی مامۆستاکە لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی کواڵتی خوێندن و فێرکردن لە بوارەکەیدا .
- کورتەیەك سەبارەت بەو کۆڕس و بوارە پسپۆڕیانەی پێشکەش بە خوێندکارانی دەکات
- ژمارەی قوتابیانی مامۆستا لەو پۆلانەی کە وانەیان تێدا پێشکەش دەکات
- خشتەی بابەت و ناونیشان و ڕۆژ و کات و ساتی وانەکان
- جۆری تاقیکردنەوەکان: پرسیار و وەڵامی نموونەیی و چۆنێتی دابەشکردنی نمرەکان
- بەڵگەنامەکان سەبارەت بە هەوڵدان بۆ باشترکردنی وانەوتنەوە وەك بەشداریکردن لە سێمینار
- داهێنان لە بواری وانەبێژی و ئاسانکردنی پڕۆسەی فێرکردن و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن.
- بەشداری لە شێوازە جیاکانی وانەبێژیەکەی: وانەی کلاسیکی، سەرپەرشتی سێمیناری خوێندکاران، دیدی ڕەخنەگرانە و گفتوگۆی ئەکادیمی (بە بەڵگەکانەوە).
- ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری دەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی کۆڕسی مامۆستاکە
- بواری توێژینەوەی: لەسەر چەند لێکۆڵینەوە کار دەکات و چەندی بە ئەنجام داوە و لە کامیاندا داهێنانی نوێی لێ بەدی دەکرێ؟
- بلاوکراوە زانستیەکان و پەرتووکی چاپکراو یان وەرگێڕدراو.
- سەرپەرشتیکردنی نامەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) و بەشداری کردن لە لێژنەی تاوتوێ کردن.
- بەشداریکردنی چالاك بە بەڵکەوە لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپی زانستی
- چالاکی تر وەک ئەندامێتی لە کۆمیتە و لیژنە زانستی و کارگێڕیەکان: کۆنووسەکان، بەڵگەی بەشداری چالاکانە

- چالاكی مامۆستا له دەرەوەی زانكۆ، بۆ نموونه لەگەڵ ڕێكخراوه پیشەییەكان، ڕێكخراوه خێرخوازەكان، میدیا و ڕۆژنامه و هی تر.
- هەر كۆمەڵه دۆكیۆمەنت و چالاكیەكی كه مامۆستا خۆی به چاكی دەزانێ و دەیەوێ تێكڕا بۆی هەژمار بكرێت
- پاداشت و سوپاسنامه.

هەگبەی مامۆستا و سەرۆكی بەش و سەرۆكی سكوڵ و ڕاگری فاكەڵتی بەهەمان شێوەو به هەمان ناوەرۆك ئاماده دەكرێت و هەڵدەسەنگێندرێت.

## میكانیزمی هەڵسەنگاندن

كۆكردنەوەی زانیاری و بەڵگەكان و ڕێكخستنیان له فۆڵدەرێكی ڕێك و پێك له ئەستۆی خودی مامۆستادایه. پێویسته هەموو مامۆستایەك هەگبەكەی بەر له كۆتایی مانگی نیسان پێشكەش به سەرۆكی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی بكات. ئەوەی دواییش به نهێنی و به واژوو (ذمّە) دەیخاته بەردەستی ئەندامانی لێژنەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوەی هەر یەكەیان به جیا و به نهێنی كۆپیەكی فۆڕمی هەڵسەنگاندن (فۆڕمی بەرایی) پڕبكاتەوه. لەبەرامبەر هەر بڕگەیەك به بابەتیانه و لەسەر بنەمای بەڵگەكانەوه هەڵسەنگێنەرەكان ئاستێك (له 1 هەتا 5) دیاری دەكەن.

| 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|
| زۆرباش | باش | مام ناوەندی | خوار مامناوەندی | دواكەوتوو |

له خانەی (17) ی فۆڕمەكەدا ڕێژەی كۆتایی دەنوسرێت (كۆی ئاستەكانی سەروتر دابەشی 16 دەكرێت). پێویسته له بەرامبەر هەر بڕگەیەك، به تایبەتی لەوانەی ئاستی زۆر بەرز (4.5 – 5.0) وەیان زۆر نزم (1.0-2.0) تۆمار كراوه، تێبینیەك بنوسرێت و ئاماژه به بوون وەیان نەبوونی بەڵگەی پێویستی ناو هەگبەكه بدرێت. پێویسته هەوڵدرێت به پێی توانا هیچ هەڵسەنگاندنێك بەبێ بەڵگەی بابەتی تۆمار نەكرێت.

سەرۆكی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی سەرجەم فۆڕمه بەراییه پڕكراوەكان كۆ دەكاتەوه و له سەر بنەمای ئەواندا "فۆڕمی كۆتایی" ئاماده دەكات، كه بریتیه ڕێژەی ئاستەكان بۆ هەر بڕگەیەك و پوختەی تێبینیەكان. ئەو فۆڕمه كۆتاییه و فۆڕمه بەراییەكانی پێشتر و هەگبەی مامۆستا تا كاتی كۆبوونەوەی لێژنه له لای سەرۆكی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی هەڵدەگیردرێت.

## لێژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا

لێژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا لەو ئەندامانه پێك دێت:

1- سەرۆك بەشی زانستی (سەرۆكی لێژنه). له كاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەی خودی سەرۆكی بەش و پله كارگێڕیەكانی سەرووتر (سەرۆكی سكوڵ و ڕاگری فاكەڵتی)، ئەوا پێویسته لێژنەی هەڵسەنگاندن له لایەن بەرپرسی سەرووتریەوه سەرۆكایەتی بكرێت.

2- سەرۆكی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی مامۆستاكه.

3- سەرۆكی لیژنەی دڵنیایی جۆری فاكەڵتی وەیان نوێنەرێكی ئەو (ئەندامێك له ئەندامانی لێژنەی دڵنیایی جۆری فاكەڵتی).

4- بەڕێوەبەری هۆبەی زانستی و خوێندنی باڵا له ئاستی فاكەڵتی

5- مامۆستایەكی خاوەن ئەزموون به پلەی پڕۆفیسۆر وەیان پڕۆفیسۆری یاریدەدەر له دەرەوەی بەشی زانستی، كه له لایەن ئەنجومەنی فاكەڵتیەوه بڕیاری لەسەر دەدرێت. مەرج نیه ئەو مامۆستایه

لەناوەوەی فاکەڵتی بێ وەیان بواری پسپۆڕیەکەی وەك هی مامۆستا هەڵسەنگێندراوەکە بێ، بەڵام باشترە کە بوارەکانیان لێك نزیك بن. پێویستە پلەی هەڵسەنگێنەرەکە لە هەمان وەیان بەرزتر بێ لە هی هەڵسێنگدراو.

تێبینی: - مامۆستای هەڵسەنگێندراو لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نابێ.

- لە دوای تەواو کردنی پڕۆسەی هەڵسەنگاندن، بەرامبەر هەڵسەنگاندنی هەگبەی هەر مامۆستایەك، کاتژمێرێکی زانستخوازیی کارا (چالاك) بۆ هەر ئەندامێکی لێژنە هەژمار دەکرێت. میچی ئەو هەژمار کردنە چوار کاتژمێرە و لەوە زیاتر هەژمار ناکرێت.

## کۆبوونەوەی لێژنەی هەڵسەنگاندن

ساڵانە لێژنەی هەڵسەنگاندن پێش کۆتایی مانگی مایس کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات و تێیاندا ناوەرۆکی هەگبەی سەرجەم مامۆستایان هەڵدەسەنگێنێ و فۆڕمی کۆتایی (ڕێژەی ئاستەکان و تێبینی و پێشنیازەکان) پەسەند دەکات. کۆنووسی ئەو کۆبوونەوەیە لە لایەن سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستیەوە ئامادە دەکرێت.

پێویستە چەقی تەرکیزی لێژنەی هەڵسەنگاندن لەسەر هاوکاری کردنی مامۆستا بێ بۆ ئەوەی هیممەت بکات و کەموکوڕیەکانی پڕ بکاتەوە و تواناکانی بەرز بکاتەوە و باشرین کواڵیتی پێشکەش بە قوتابیەکانی بکات. بۆیەش زۆر گرنگی بە خانەی (18)ی فۆڕمی کۆتایی دەدرێت، و پێویستە لێژنەی هەڵسەنگاندن تێبینی و ڕەخنە و پێشینازی خۆچاکردن و خۆپێشخستن و پەرەپێدانی تواناکان بۆ هەموو مامۆستایەکی هەڵسەنگێندراو تۆمار بکات، بۆ ئەوەی دواتر وەك فیدباك مامۆستاکە سوودیان لێ وەربگرێت.

پێش کۆتایی مانگی مایس فۆڕمی کۆتایی پەسەند کراو لەگەڵ کۆنووسی کۆبوونەوەی لێژنەی هەڵسەنگاندن بە نهێنی لە ڕێگەی سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری فاکەڵتیەوە بۆ ڕاگری فاکەڵتی دەنێردرێت و لە ڕێگەیەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتی دەکرێت. فۆڵدەری هەگبەی مامۆستا بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە. لەو حاڵەتانەی کە مامۆستا پلەی زۆر بەرز وەیان زۆر نزمی بەدەست هێناوە، کۆپیەکی فۆڵدەرەکەی لە لای سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی هەڵدەگیرێت بۆ کاتی پێویست (بۆ نموونە سکاڵا و پشکنین و بەدواداچوون).

## ئەنجومەنی فاکەڵتی

پێش کۆتایی مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێك، بە ئامادە بوونی سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری فاکەڵتی، ئەنجومەنی فاکەڵتی ئەو بڕیارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

1- کۆنووسی لێژنەی هەڵسەنگاندن و فۆڕمە کۆتاییەکان بە گشتی ڕەچاو دەکات و پەسەندی دەکات. ئەگەر لە لێژنەکەدا نەتوانرابوو هەندێ بابەت یەکلایی بکرێتەوە و پێشنیاز کرابوو کە ئەنجومەنی فاکەڵتی بڕیاریان لەسەر بدات، ئەوا ئەنجومەن بۆی هەیە بەو کارە هەڵبستێ.

2- بە پێی خشتەی دەرەنجامەکان بڕیار لەسەر شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم مامۆستا هەڵسەنگێندراوەکان دەدات. دواتر، بڕیارەکانی ئەنجومەن لەگەڵ فۆڕمی کۆتایی پەسەند کراو بە فەرمی و بە نهێنی بۆ مامۆستا هەڵسەنگێندراوەکان دەنێردرێت.

3- لە نێو ئەو مامۆستایانەی کە پلەی (A1) یان بەدەست هێناوە، باشترین مامۆستای ئاستی هەر بەشێکی زانستی و ئاستی فاکەڵتی دەستنیشان دەکرێت. کاندیدی فاکەڵتیەکە بۆ باشترین مامۆستای ئاستی زانکۆ دەستنیشان دەکرێت و بە فۆڕمە کۆتاییەکەیەوە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرز دەکرێتەوە.

4- فۆڕمی سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کە پلەی (E2) بەدەست دەهێنن بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرز دەکرێتەوە بۆ پەسەند کردنی بڕیارەکان.

پێویستە بڕیارەکانی ئەنجومەنی فاکەڵتی گونجاو بێ و لە بەرژەوەندی خوێندکاران و خودی مامۆستاکە بێ، و پێویستە مامۆستاکەش پابەندی بڕیارەکان بێ. ئەنجومەنی فاکەڵتی بۆی هەیە پرسیار سەبارەت بە عەدالەتی و بابەتیایەتی و تۆکمەیی پڕۆسەکە بکات و دڵنیا بکرێتەوە کە لێژنەکانی هەڵسەنگاندن بەکاری پیرۆزی خۆیان هەڵساون.  هاوکات ئەنجومەن بۆی نیە دەستکاری دەرەنجامی هەڵسەنگاندن بکات، بەڵکو پێویستە کتومت پەیڕەوی ڕێنمایی و خشتەی پاداشت و دەرەنجامەکانی پڕۆسەکە بکات.

## ئەنجومەنی زانکۆ

هەموو ساڵێك پێش ئاهەنگی دەرچوون، ئەنجومەنی زانکۆ/دەستە بە ئامادە بوونی بەرێوەبەری دڵنیایی جۆری، کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی فاکەڵتیەکان ڕەچاو دەکات و باشترین مامۆستای ئاستی زانکۆ دەستنیشان دەکات بۆ خاتری ڕاگەیاندنی لە ئاهەنگی دەرچووندا.  هاوکات، ڕەچاوی ژمارە و کێشە و کواڵیتی ئەو مامۆستایانە دەکات کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە و پلەی (E2)یان بۆ جاری یەکەم وەیان دووەم بەدەست هێناوەوە، و بڕیاری گونجاو لەو بارەیەوە دەدات.

لە هەموو زانکۆ و دەستەیەك، بە هەمان شێوازی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام، داتابەیسێکی تایبەت بە دەرەنجامەکانی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی کۆتایی تەرخان دەکرێت و ئەنجامەکانی مامۆستا ساڵ لە دوو ساڵ هەڵدەگیردرێت.  لە وەزارەتدا تەنیا دوا ڕێژەی کۆتایی (خانەی 17) لە داتابەیسێکدا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری هەڵدەگیردرێت، بەڵام لە کاتی پێویستدا بۆ وەزارەت هەیە پشکنین لە سەرجەم زانیاری بەڵگەکان و پڕۆسەی هەڵسەنگاندنەکان بکات.

## مافەکانی مامۆستای هەڵسەنگێندراو

لە ڕووی ئێتیکی پیشەییەوە، مامۆستای هەڵسەنگێندراو بۆی نیە دەست لە پڕۆسەکە وەربدات وەیان فشار بخاتە سەر ئەندامان وەیان پرسیار سەبارەت بە ڕاوبۆچوونی هەر یەکێك لە ئەندامانی لێژنە بکات وەیان گلەیی لە کەسەکان بکات.

مامۆستای هەڵسەنگێندراو مافی داواکردنی چاوپێکەوتنی سەرۆك بەشی هەیە بۆ ئەوەی ڕووبەڕوو زانیاری و بەڵگەکان و دیاریکردنی ئاستەکانی لەگەڵدا باس بکات بەبێ ئەوەی لەو دانیشتنەدا توانای دەستکاری کردنی بڕیار و تێبینیەکانیان هەبێ.  واتە ئەو دانیشتنە ڕووبەڕووە تەنیا بۆ لێك تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیە.

مامۆستای هەڵسەنگێندراو مافی داواکردنی چاوپێخشاندنەوەی هەڵسەنگاندنەکەی هەیە و ئەو داوایەش بە نوسراوی فەرمی بۆ ئەنجومەنی فاکەڵتی دەنێرێت تاوەکو لێژنەی هەڵسەنگاندنی بەشێکی زانستی تری ناو هەمان فاکەڵتی سەرلەنوێ هەگبەی مامۆستاکە هەڵبسەنگێنێتەوە، پێش ئەوەی مامۆستاکە بانگهێشی ئەنجومەنی فاکەڵتی بکرێت بۆ دیمانە و لێدوان.

## دواتێبینی

هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا بەشێکی دانەبڕاوە لە پڕۆسەی دڵنیایی جۆری و تەواوکەرە بۆ پڕۆسەکانی زانستخوازی بەردەوام و هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن خوێندکارانەوە لە ڕێگەی فیدباکەوە.  ڕاستە کە جۆرێك لە تێکهەڵکێشان و دووبارە بوونەوە لە پرسیارەکان بەدی دەکرێت بەڵام وەڵامەکان و هەڵسەنگاندنەکان لەلایەن دوو پێکهاتەی جیاواز و دوو دیدی سەربەخۆوە ئەنجام دەدرێت، یەکێکیان لەلایەن ئیدارەوەیە و ئەوی تریان لە لایەن قوتابیانەوەیە.  لەوانەیە دەرەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بۆ هەمان جۆرە پرسیار زۆر لەیەکتر جیاواز بن.

# فۆرمی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا

ناوی مامۆستا: بەشی زانستی: فاکەڵتی:

زانکۆ/دەستە: بەروار:

| ژ | پرسیاری هەڵسەنگاندن | ئاست 1-5 | تێبینی زیاتر – بەشێوەیەکی بابەتیانە و بە بەڵگەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاستەکە 5 وەیان کەمتر لە 2 بوو. |
|---|---|---|---|
| 1 | زانکۆ بە موڵکی خۆی دەزانێ و 100%ی کاتی دەوامی بۆ پێشکخستنی پرۆسەی خوێندن و خزمەتی زانست تەرخان دەکات و دەوامی لە زانکۆ و دەستەدا نموونەییە | | |
| 2 | گرنگی دەداتە چاودێری کردنی ڕەوتی خوێندن و دەوام کردنی خوێندکار و ئەگەر خۆی لە وانەیەك دواکەوت، قەرەبووی دەکاتەوە | | |
| 3 | تەرکیزی لەسەر کوالێتیە و هەنگاوی باشی بۆ مسۆگەر کردنی کوالێتی لە خوێندن ناوە | | |
| 4 | لە سەرەتای ساڵدا کۆرس بووک لە بابەتەکانی خۆی ئامادە دەکات و پرینسیپ و مەبەستەکانی پیدانی کۆرس بووک بە قوتابی شیدەکاتەوە. | | |
| 5 | لە تاقی کردنەوەکانی سەری ساڵدا چالاکانە بەشداری لە ئەنجامدان و هەڵەچنین و شی کردنەوەی دەرەنجامەکان و دەرخستنی دوائەنجامەکان دەکات. | | |
| 6 | شێوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕەچاو دەکات و ڕەخنەی بەرامبەریش قەبوڵ دەکات | | |
| 7 | جیاوازی لە نێوان قوتابیان ناکات و بە یەکچاو سەیریان دەکات و ئەوانیش بە گشتی لێی ڕازین | | |
| 8 | ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری خوێندن نادات و بڕیارەکانیشی بابەتیانەن و لە بەرژەوەندی گشتین | | |
| 9 | ڕۆحی هاوکاری لەگەڵ مامۆستا و کارمەندان نیشانداوە و بە ڕێز و پشووی درێژەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. | | |
| 10 | لە بواری پسپۆڕیەکەیدا لێزانە و وەك ئەکادیمیەکی سەرکەوتوو نموونەیەکی باشە بۆ چاولێکردن. | | |
| 11 | ڕێنماییەکانی سەرووتر و ئەو ئەرکانەی سەرباری وانەبێژی پێی دەسپێردرێت بە ڕێکوپێکی و لە کاتوساتی خۆیدا جێبەجێ دەکات | | |
| 12 | چالاکانە هاوکاری سەرۆکایەتی بەش دەکات لە داڕێژتنی سیاسەتی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی و دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی دڵنیایی جۆری. | | |
| 13 | لە بواری توێژینەوەدا چالاکە و بەرهەمەکانی لە ئاستی عیراقدا وەیان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیدا بڵاو دەکاتەوە | | |
| 14 | توێژینەوەکانی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدایە و بەرهەمەکانی لە گۆڤارە نێودەوڵەتیەکاندا بڵاو دەکاتەوە. | | |
| 15 | دەستپێشخەرە و بە چالاکانە بەشداری لە لێژنە جۆراوجۆرەکانی ناو بەش و سکوڵ و فاکەڵتیدا دەکات | | |
| 16 | بەشداری لە کۆمەڵێ چالاکی دەرەکی پیشەیی و ڕاگەیاندن و خێرخواز دەکات، وەیان بەشداری لە هەر چالاکیەکی تری گونجاو کە مامۆستاکە خۆی بەچاکی دەزانێ. | | |
| 17 | **ڕێژەی ئاستەکان** | | |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاز بۆ خۆچاکردن و پێشخستن و پەرەسەندنی مامۆستاکە ئەوانەن: | -1 |
| | | -2 |
| | | -3 |
| | | -4<br>دەکرێ لە لاپەرەیەکی نوێدا بە درێژیەوە تێبینیەکان پەخش بکرێن |

## خشتەی دەرەنجامی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا کە لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیەوە جێبەجێ دەکرێت

| پلە | خاڵ | پلە | دەرەنجامەکان |
|---|---|---|---|
| A | 5 -4.5 | باشترین | A1- ئەگەر لە هەردوو پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام و فیدباکی قوتابیاندا پلەی (*A)ی بە دەست هێنابێت، ئەوا مامۆستاکە کاندید دەکرێت بۆ ناساندنی وەك باشترین مامۆستا لە ئاستی بەشە زانستیەکەی وەیان فاکەڵتی وەیان زانکۆ. ساڵانە لە ئاهەنگی دەرچووندا، ناوی باشترین مامۆستای سەر ئاستی زانکۆ و فاکەڵتی بڵاو دەکرێتەوە.<br><br>A2- ئەگەر لە هەردوو پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام و فیدباکی خوێندکاراندا کەمتر لە پلەی (*A)ی بەدەست هێنابێ ئەوا لێرەدا مامەڵەی پلەی (B1) لەگەڵدا دەکرێت. |
| B | 4.4 – 4.0 | زۆر باش | B1- ئەگەر لە هەردوو پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام و فیدباکی قوتابیاندا پلەی (A) بەرەو سەری هێنابێ، ئەوا لە لایەن ڕاگری فاکەڵتیەوە سوپاس دەکرێت.<br><br>B2- ئەگەر لە هەر کامێك لە فیدباکی قوتابیان وەیان زانستخوازی بەردەوامدا پلەی (B) وەیان کەمتری بەدەست هێنابێ، ئەوا مامەڵەی پلەی (C) لەگەڵدا دەکرێت. |
| C | 4.0 – 3.0 | باش | مافەکانی وەک خۆیان پارێزراون بە مەرجێك تێبینی و ڕەخنە و پێشنیازەکانی خۆچاکردن ڕەچاو بکات و کاریان لەسەر بکات. |
| D | 2.9 – 2.0 | مامناوەندی | D1- ئەگەر لە هەردوو پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام و فیدباکی قوتابیاندا پلەی (A) بەرەو سەری هێنابێ، ئەوا وەك پلەی (C) مافەکانی وەك خۆیان پارێزراون<br><br>D2- ئەگەر لە هەر کامێك لە فیدباکی قوتابیان وەیان زانستخوازی بەردەوامدا پلەی (B) وەیان کەمتری بەدەست هێنابێ، ئەوا:<br><br>أ- لەسەر ئاستی ئەنجومەنی فاکەڵتی بانگ دەکرێت بۆ لێدوان و تاوتوێ کردنی کەموکورتیەکانی ناو هەگبەی مامۆستاکە و ڕەچاو کردنی ڕێگاچارەکان و هاندانی بۆ هیممەتی زیاتر لە ساڵی ئایندە.<br>ب- ئەگەر لە ساڵی دواتر هەمان ئاستی دووبارە کردەوە ئەوا مامەڵەی پلەی (E2)ی لەگەڵدا دەکرێ. |
| E | 1.9- 1 | دواکەوتوو | E1- ئەگەر لە فیدباکی قوتابیان و زانستخوازی بەردەوامدا پلەی (A) بەرەو سەری هێنابێ، ئەوا مامەڵەی پلەی (D2)ی سەرەوەی لەگەڵدا دەکرێ.<br><br>E2- ئەگەر لە هەر کامێك لە فیدباکی قوتابیان وەیان زانستخوازی بەردەوامدا پلەی (B) وەیان کەمتری بەدەست هێنابێ، ئەوا:<br><br>أ- مامۆستاکە بە فەرمی لە لایەن ئەو ئەنجومەنی فاکەڵتی بانگهێش دەکرێت و هەگبەکەی و ڕاپۆرتی هەردوو لێژنە و کەموکورتی و ڕێگاچارەکانی لەگەڵدا تاوتوێ دەکرێت. دواتر لە ڕوانگەی ئەو بانگهێشەدا، ئەنجومەنی فاکەڵتی بۆی هەیە بۆ ماوەی مانگێك هەتا سێ مانگ مافی وانەبێژی لە مامۆستاکە بسەنێتەوە وەیان ڕاهێنانی تایبەتی لە بوارە پڕ کەموکورتیەکان پێ دووپات بکاتەوە وەیان هەر ئیجرائێتێکی تر کە بە چاکی دەزانێ.<br>ج- لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەدا، بە یەکجارەکی مافی وانەبێژی لە مامۆستاکە دەسەندرێتەوە و بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆ لە بەشە زانستیەکەشی دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو و کارێکی تری گونجاوی پێ دەسپێردرێت. |